# چۆن بۆت بدویم !

ئەحمەد بازگر



شەو درەنگەو
تازە ئاشنا
بۆم دژوارە، یەکجار دژوار
ئەو چیرۆکەت بۆ بگێرمەوە
کەلەمێژە
ئەمرۆ بەسیەی پێ دەکەم
وشەکانی ئەم چیرۆکە
وەکوو ماسی لووسی بن گۆم
لەدەستم دا هەڵدەخلیسکێن
وشەکانی کۆترە شینکەن
ماڵی نابن‌و
لەقەڵەزی وەسفەکانمدا ناحەجێن.
شەو درەنگەو تازە ئاشنا
یەکەم جارە
ئەم شاعیرە
بۆی دژوارە لەخۆی بدوێ.
یەکەم جارە
وشە لێم سڵ‌و عاسی بێ‌و
بەسەر زمانمەوە نەیشکوێ
تازە ئاشنا
نیگەرانم
بەهۆی وشەی نارەسەن‌و
گرێ گرێ
دڵی چیرۆکەکانم برینداربێ
زۆر دەترسم
دەس نەکەون ئەو وشانەی
کەنەهێڵێن
باڵا رەنیان خێچ‌و خواربێ.
چۆن بۆت بدوێن تازە ئاشنا؟
چۆن بۆت بدوێم
دنیای چیرۆکەکانی من
زۆر نامۆیەو
لەناو خەیاڵی لەتیفی
توی دڵ ناسکا ناگونجێ
دنیای چیرۆکەکانی من
رەق‌و تەقەو زبر دەدوێ
پەڵە بارانی ناو دنیای
چیرۆکەکانی من

ئەو بلووورە قال بووەنیە
تازە ئاشنا کەتۆ
لەپشت پەنجەرەی مالّەکەت
چاوی حەزی پیّ هەلّدیّنی
کرپوە بەفری
چیرۆکەکانی من
ئەو سپی یە ئاوریشمە نییە
لەسەر ئاسمانی شارەکەت
دەستی سروشت رای وەشینیّ
توێ توێ بکەویّتو
باوەشی خۆی تیّوەریّنی
چۆن بۆت بدویّم
تازە ئاشنا
چۆن بۆت بدویّم
ئاخر خۆتۆ
تاقە جاریّك
چۆڕاوگەی لیّلّی گوێ سوانان
بەپشت ملتا نەچۆوەتە خوار
تاقە جاریّك
ناچار نەبووی
لەناو شەوی ئەنگوستە چاو
هەستو خواست لەخۆت بیری
بیّ چرپە بڕوی
لیّت یاغی بیّ
خشەی گەڕە گەلّی نزار.
ئاخر خۆتۆ
تاقە جاریّك
لەپیّشەلآنی گەسگەسکا
ماندوویەتیت دەرنەکردووە.
بەسەر پەنچە
پۆلە دڕووت لانەداوەو
لەناو وێرەی میّشولەدا بۆی نەخەوتووی

تاقە جاریّك
شەو درەنگان
هەورازی دوورت نەبڕیو د
پەلە دەوەن
پەنجەی لەچاوت نەکوتاوەو
لەبەفری تەپلّەك نەکەوتووی.
تاقە جاریّك
نێو چاوانت
لەسەر داران نەکوتاوە
تاقە جاریّك
قەوزەی شینی
سەر گۆمیلکەی بۆگەن کردوو
لەناو گەرووت نەگیراوە.
ئاخر خۆتۆ
تاقە جاریّك
لەناو گەڕووی
دلّو زندولّو لاپەڕو
شاخو تەلانی هەلّدیّرو
دارستانی چڕوپڕدا
هەلّ نەچووی‌و ون نەبووی.
یان خۆ جاریّك
هەلّپەی سەر شیّتی سیلّاوی
کوێرە شیویّکی لاتەریّك
بەری ریّگەی پیّ نەگرتووی.
چۆن بۆت بدویّم تازە ئاشنا
چۆن بۆت بدویّم
هیّشتا گوێی تۆ
بەمۆسیقای لاواندنەوەی
دایکی رۆلّە جوانە مەرگا
رانەهاتووە.
تاقە جاریّك
لەگەلّ هاتنە دنیای

کۆرپەیەکی باوک شەهید
تەزووت بەلەش دا نەهاتووە
تازە ئاشنا
تاقە جارێك خۆدڵی تۆ
بەکسکەی گوللەو گرمەی تۆپ
لەناکاوا رانەچڵەکیوە.
هەرس هێنانی بێ رەحمی
قامەتی خۆشەویستانت
قەت بەچاوی خۆت نەدیوە
چۆن بۆت بدوێم
تازە ئاشنا
چۆن بۆت بدوێم
لەناو چیرۆکەکانمدا
لەناو میحرابی مزگەوتا
خۆشەویستی لەدار دەدرێ.
لەقوراوچکەی منارەوە
شەوە زەنگو مەرگ
لەجار دەدرێ
شەو درەنگە تازە ئاشنا
ئەگەر ئەمجارە هاتیەوە
دەتکەم بەمیوانی
قارەمانی
چیرۆکەکانی خۆم
ئەوکەسانەی لەعەشق دەدوێن
ئەو عەشقانەی
گوڵی ژیان
لەسای وانەوە دەپشکوێن
ئەگەر ئەمشەو
بەهۆی ئەم شیعرە لالەوە
لەچاوت زا دڵۆپی نەسرینو
ئەگەر ئەم جارە هاتیەوە
دەستت دەنێمە نێو دەستی

قارەمانی چیرۆکێکم
گۆرانی بڵێ
دەنگ هەڵبرە
بائاژین بێتە سەر لێوت
تریفەی بەتینی پێکەنین
ئەگەر ئەمجارە هاتیەوە
ئیتر ناڵێم
"چۆن بۆت بدویم
تازە ئاشنا چوون بۆت بدویم"
تۆ دانیشە
راستو رەوان
منیش دەدوێم
بوتوبۆری
□□/ □/ □□□□